السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# یەکەم کۆمەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە شێوەیان لەسەر شێوەی مانگە لە شەوی چواردەدا، پاشان ئەوانەی لە داویانەوەن شێوەیان لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەیە لە ئاسماندا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «یەکەم کۆمەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە شێوەیان لەسەر شێوەی مانگە لە شەوی چواردەدا، پاشان ئەوانەی لە داویانەوەن شێوەیان لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەیە لە ئاسماندا، میز وپیسی ناکەن، تف وچڵمیان نیە، شانەکانیان لە ئاڵتونە، وبۆنی ئارەقیان میسکە، وبخوردانیان دار عودی بۆن خۆشە، وهاوسەرەکانیان حۆری چاو جوانن، لە سەر ڕەوشتی یەك پیاون، ولە سەر شێوەی باوکیان ئادەمن، شەست باڵ درێژن لە ئاسماندا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت یەکەم کۆمەڵ لە ئیمانداران کە دەچنە بەهەشتەوە شێوەیان لەسەر شێوەی مانگە لە شەوی چواردەدا لە ڕۆشناییدا، پاشان ئەوانەی لە داویانەوەن شێوەیان لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەیە لە ئاسماندا، سیفەتەکانیان هەمووی کامڵە بۆیە میز وپیسی ناکەن، تف وچڵمیان نیە، شانەکانیان لە ئاڵتونە، وبۆنی ئارەقیان میسکە، وبخوردانیان خۆشترین بۆن وبەرام وبۆنی بخوری لێوە دەردەچێت، وهاوسەرەکانیان حۆری چاو جوانن، لە سەر ڕەوشتی یەك پیاون، ولە سەر شێوەی باوکیان ئادەمن لە درێژی وڕواڵەتدا، درێژی لاشەیان شەست باڵە لە ئاسماندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65183

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee